# بەهای دەستوور

**ڕێدار ئەحمەد**

redarus@yahoo.com



**گومان لەوەدا نیە کەدەستوور وەك ناسراوە بە دایکی یاساکان گرنگیەکی زۆری هەیە لە دارشتنی سیاسەتی هەروڵاتێك و ڕێکخستنی ئەرك و مافەکانی تاکی هەر کۆمەڵگایەك.**

**ئێستاش کە لە هەرێمی کوردستان پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان خراوەتە روو بۆ گفتوگۆ لەسەرکردن، دیارە ئەم هانگاوە لەمێژووی ئێمەدا نوێ و ناوازەیە، بەڵام وەك دەبینین کەمتر لەئاستەکانی میللی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئەم دیاردەیە لەکاتێدایە هێزە ئیسلامیەکان دەستوورێکیان دەوێت رۆڵی ئاین تێیدا هاوئاستی ئەو رۆڵە بێت کەلەدەستووری عێراقدا هاتووەو کوردیش پێی رازی بووەو دەنگی بۆ داوە، لایەنەکانی دیکەش دەیانەوێت بە ئاقارێکی تریدا ببەن و ئەو رۆڵە بەئاین نەبەخشن.**

**لە نێوەندی ئاوەها رەشێکدا دەکرێت بپرسین ئەرێ چەند وڵاتی عەرەبی یان ئیسلامی لە دەستووریاندا ئاین بنەمای سەرەکی یاسا دانانەو وڵاتەکانیشیان لە حکومڕانیدا پێچەوانەی ئەوە پەیڕەو دەکەن، لەجیهاندا چەند وڵات هەیە بەناو کۆماری بێت و لە کاردا پاشایەتی، لە دەستووری چ وڵاتێکی دیکتاتۆریدا باسی مافەکانی مرۆڤ نەکراوە، ئالێرەوە قسەکردن لەسەر عەقڵی فەرمانڕەوایی پتر گرنگە بۆ ئەم جۆرە وڵاتانە، وروژاندنی ئەو پرسیارانە ئەرزشی دەبێت کەئایا دەستەڵات کار بەو یاسایانە دەکات کە دەریان دەکات.**

**ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیە – ئەگەر هەبن- کار لەسەر تەوەری هۆشیاری خەڵکی بکەن کە دەستوور چ رۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر ژیانیان و چۆن دەتوانن ئەرك و مافەکانی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە، لەوەش گرنگتر چاودێریکردنی ئەو یاسایانەیە کە دەردەچن تابزانن چۆن جێبەجێ دەکرێت، لەکوێدا دەسەڵاتدار پێچەوانەی یاساکان دەجوڵێتەوە، پاش ئەوە بێدەنگ نەبن لەئاست هەر سەرپێچییەکی ئەو یاسایانە، ئەگەر ئەم کارە ئەنجامدرا ئەوا دەستوورو یاساکان لەدڵی هەموو تاکێکی کۆمەڵگادا ئەرزشی خۆی دەبێت، ئەگینا هەرچۆنێك بێت دەستوورو یاسا ئەگەر عەقڵیەتی فەرمانڕەوا نەگۆڕدرێت تورێکی قەڵب ناهێنێت.**